1. هەڵپەساردنی وەرگرتن، نەمانی بەش لە زانکۆ.
2. بڕیاری لێژنەی بەرزەفتکردن بە گواستنەوەی قوتابی/ خوێندکار لە کاتی سەرپێچیکردنی بەهەر هۆیەك.
3. ئەگەر هاتوو قوتابی/خوێندکار پاساوێکی ڕێپێدراوی (عذر المشروع) هەبوو. بۆ ئەمەش دوای هێنانی لاری نەبوونی هەردوو زانک، پێویستە ڕەزامەندی وەزارەت وەربگیرێت.

## ماددەی سێیەم: گواستنەوەی خوێندنی قوتابی لە نێوان زانکۆ تایبەتەکانی پارێزگاکانی هەرێم بۆ ئەم حاڵەتانەی خوارەوە ڕێگەپێدراوە

بە یەکێک لەم مەرجانەی خوارەوە گواستنەوەکە ئەنجام دەدرێت:

1. گواستنەوەی خانەوادەی قوتابی/ خوێندکار بۆ پارێزگایەکی تری هەرێم بە پێشکەشکردنی بەڵگەنامەی فەرمی.
2. گواستنەوەی شوێنی کاری قوتابی/ خوێندکار، یان بەخێوکاری (ولی أمر) بە پێشکەشکردنی بەڵگە.
3. هاوسەرگیریکردنی قوتابی / خوێندکار لە پارێزگایەکی تر.
4. وەفاتی بەخێوکاری (ولی أمر) قوتابی.
5. نەخۆشی درێژ خایەن بە پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی لێژنەی پزیشکی پەسەندکراو.

## ماددەی چوارەم: گواستنەوەی خوێندنی قوتابیان لە زانکۆ تایبەتەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق بۆ زانکۆی نۆلج هەرێمی کوردستان لەم حاڵەتانەی خوارەوە ڕێگەپێدراوە

1. لە کاتی گواستنەوەی قوتابی ناوەڕاست و باشووری عێراق بۆ زانکۆی نۆلج، ڕەچاوی کۆنمرەی وەرگرتنی دەکرێت، هەروەها ئەگەر قوتابی/خوێندکار دەرچووی ئامادەییەکانی هەرێمی کوردستان بوو ئەوە پێویستە ڕەچاوی کەمترین کۆنمرەی وەرگیراو لە زانکۆ تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان بکرێت لە ساڵی وەرگرتن.
2. زانکۆی نۆلج هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی پێوانەی زانستی (المقاصة العلمية)یەی بە پێی ڕێنماییەکان.

## ماددەی پێنجەم: گواستنەوەی خوێندنی قوتابیانی دەرەوەی وڵات بۆ زانکۆی نۆلج

1. گواستنەوەی خوێندنی قوتابی لە دەرەوەی وڵات بۆ زانکۆ نۆلج ڕێگەپێدراوە، بە مەرجێک ڕەچاوی پێوەری پرۆسەی وەرگرتن لە هەرێم لە رووی کۆنمرەی ئامادەیی بکرێت. بۆیە پێویستە بروانامەی ئامادەییان لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان / بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان یەکسان کرابێت بۆ ئەوانەی کەوا بروانامە ئامادەییەکەیان لە دەرەوەی وڵات بەدەستهێناوە.
2. پێویستە ئەو زانکۆیەی کە قوتابی لێی دەخوێنێ باوەڕپێکراو بێت و ناوی لە لیستی زانکۆ باوەڕپێکراوەکانی ڕێکخراوی یونسکۆ هەبێت.
3. پێوانەی زانستی (المقاصة العلمية)یەی بۆ ئەنجامدەدرێت بە پێی ڕێنماییەکان.

**ماددەی شەشەم: گواستنەوەی خوێندنی قوتابییانی هاوڵاتیانی ڕەسەنی هەرێمی کوردستان لە بەشەکانی دەرمانسازی و ئەندازیاری زانکۆکانی دەرەوەی وڵات بۆ زانکۆ نۆلج ڕێگەپێدراوە، بە مەرجێك قۆناغی یەکەمی بە سەرکەوتوویی تەواو کردبێت، وە کۆنمرەی ئامادەییان بەم شێوەی خوارەوە بێت.**

1. ئەو قوتابی /خویندکارانەی لە یەکیک لە زانکۆکانی دەرەوی وڵات وەرگیراون پیویستە کۆنمرەی ئامادەییەکەیان کەمتر نەبیت لە (80%) بۆ بەشی دەرمانسازی لە کاتی گواستنەوەیان بۆ زانکۆی نۆلج
2. بۆ خوێندنی بەشەکانی ئەندازیاری پێویستە کۆنمرەی قوتابی/ خوێندکار لە ٧٥% کەمتر نەبێت.
3. پێویستە قوتابی گواستراوە پێوانەی زانستی (المقاصة العلمية)یەی بۆ بکرێت بە پێی ڕێنماییەکان.
4. دوای بەدەستهێنانی لارینەبوونی هەردوو زانکۆ پێویستە نمرەکانی کۆرسەکان لە باڵوێزخانەی عێراق و وەزارەتی دەرەوەی ئەو ووڵاتەی کە لێی دەخوێنێت پەسەند کرابێت. پێویستە لە لەکۆتاییدا پرۆسەی گواستنەوەکە ئاراستەی وەزارەت بکرێت بەمەبەستی پەسەندکردنی گواستنەوەکەی.
5. پێویستە ئەو زانکۆیەی کە قوتابی لێی دەخوێنێ باوەڕپێکراو بێت و ناوی لە لیستی زانکۆ باوەڕپێکراوەکانی ڕێکخراوی یونسکۆ هەبێت.

**ماددەی حەفتەم: سیستەمی میوانداری**

سیستەمی میوانداری (استضافة) لە زانکۆ تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان و پاڵپشت بە ڕێنمایی سیستەمی میوانداری لە زانکۆ حکومیەکان کە بە نوسراوی ژمارە (5/ 2601) لە (2008/2/11) گشتاندنی پێکراوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

1. پێویستە ئەو قوتابی / خوێندکارەی داواکاری میوانداری پێشکەش دەکات بۆ درێژەدان بە خوێندن لە زانکۆی نۆلج لە زانکۆیەکی باوەڕ پێکراوی ناوەڕاست و باشووری عێراق بێت . کە لە هەرێمی کوردستان ئیمتیاز بە دەرچووانیان دەدرێت.

2. پێویستە ئەو قوتابی / خوێندکارەی داواکاری میوانداری پێشکەش دەکات لاری نەبوونی زانکۆی ڕەسەنی خۆی و زانکۆی نۆلجی هەبێت و بە پێچەوانەوەش.
3. پێویستە ئەو قوتابی / خوێندکارەی داواکاری میوانداری پێشکەش دەکات بۆ ئەوەی لە زانکۆی نۆلج بخوێنێت لە هەمان بەشی پسپۆری و قۆناغی خوێندنی خۆی بخوێنێت.
4. پێویستە ساڵانە داواکاری میوانداری کردنی قوتابیان / خوێندکاران لە هەردوو زانکۆ نوێ بکرێتەوە.
5. لە ماوەی میوانداری کردن لە زانکۆی نۆلج، پێویستە قوتابی / خوێندکار پابەندی ڕێنمایی و سیستەمی خوێندنی زانکۆی نۆلج بێت.
6. دوای تەواوبوونی ماوەی خوێندن، پێویستە زانکۆی میواندار بەشێوەی نهێنی نمرەکانی ڕەوانەی زانکۆی ڕەسەنی قوتابی / خوێندکارەکە بکاتەوە.

## برگەی دەیەم: قوتابی خاوەن پێداویستی تایبەت

1. قوتابی نابینا کە مەرجەکانی وەرگرتنی هەبێت بۆی هەیە داواکاری وەرگرتن ڕاستەوخۆ پێشکەش بکات بە زانکۆ زانکۆی نۆلج بۆ وەرگرتن لەیەکێك لە کۆلێژە مرۆڤایەتییەکان.
2. قوتابی/ خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت ئەگەر لە بەشێک وەرگیرا و جەستەی شیاو نەبوو بۆ ئەو جۆرە خوێندنە، ئەوە زانکۆی نۆلج دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بەرێوەبەرایەتی خوێندنی تایبەت و لەبەرچاوگرتنی ئارەزووی قوتابی/ خوێندکارەکە بۆیان هەیە بیگوازنەوە بۆ بەشێکی شیاوتر بە مەرجێک کۆنمرەکەی لەو بەشەدا وەرگیرابێت.
3. زانکۆی نۆلج رەچاوی شوێنی خوێندن و هۆل وتاقیگە بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان دەکات.

# دەروازەی سێیەم

## یاسا و ڕێنماییەکانی تاقیکاردنەوەکان و نەهاتن و ڕێکاری

**پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی ئەزموونەکان و نەهاتن و ڕێکاری قوتابیان**

قوتابیان/ خوێندکاران دەبێت پابەندبن بەم مادده و خاڵانەی کە لەم بڕگەیە ئاماژەی پێکراوە پاڵپشت بە ڕێنماییەکانی ئەزمونەکان و ڕێکاری قوتابیان/ خوێندکاران کە بەنوسراومان ژمارە (22130/5 لە 2009/12/14 ) گشتاندنی بۆ کراوە.

### بڕگەی یەکەم: ڕێنماییەکانی ئەزمونەکانی قوتابیان

زانکۆی نۆلج پابەند دەبێت بە جێبەجێکردنی ڕێنمایەکانی ئەزمونەکان کە بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:

**ماددەی یەکەم:**

ئەنجومەنی کۆلێژ پاڵپشت بە پێشنیاری ئەنجومەنی بەش ژمارە تاقیکردنەوەکانی کۆشش و جۆرەکانی و چۆنیەتی جێبەجێکردنی، وە هەژمارکردنی ڕێژەی بە نمرە بە ڕێژەی (٤٠٪) لە تێکرای دەرەجەی کۆتایی، بێجگە لەو بەبەتانەی کە سروشتی زانستی و جێبەجێکاری هەیە ڕێژەی ئاسانکاری بۆ ئەنجومەنی زانکی بەجێ دەهێڵرێت.

**ماددەی دووەم:**

دەفتەری تاقیکردنەوەکان پێویستە ئەم زانیاریانەی خوارەوە لەخۆ بگرێت:

- ناوی زانکۆ و ناوی کۆلێژ و ناوی بەش
- ناوی بابەتی تاقیکردنەوەکان
- قۆناغ و ساڵی خێندن

- ڕێکەوتی تاقیکردنەوەکان لەگەڵ وەرزی تاقیکردنەوە لەگەڵ خولی تاقیکردنەوە
- ناوی مامۆستا یان مامۆستایان کە باشداربووینە لە ئامادەکردنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکان.

## ماددەی سێیەم:

1. کەمترین نمرەی دەرچوون بۆ هەربابەتێک بریتیە لە (٥٠٪) بۆ هەموو بەشەکان بێجگە لە بەشی یاسا و بەشی دەرمانسازی
2. کەمترین نمرەی دەرچوون بۆ هەربابەتێک بریتیە لە (٦٠٪) بۆ هەردوو بەشەکانی یاسا و دەرمانسازی.

## ماددەی چوارەم:

بەهیچ شێوەک تاقیکردنەوەی کۆتایی خولی دووەم دواناخرێت (تاجیل) ناکرێت.

## ماددەی پێنجەم:

### تایبەتە بە گزیکردن (غش) کردنی قوتابی:

1. ئەگەر بسەلمێندرێت قوتابی گزیکردووە (غش)یکردووە لە هەریەک لە تاقیکەدنەوەکانی ڕۆژانە، هەفتانە، یان کۆتایی بە کەوتوو هەژمار دەکریت لە هەموو بابەتەکان لەم ساڵەدا لە سیستەمی ساڵانە یان سیستەمی وەرزی (سیمستەر)، وە ئەگەر ئەم کارەی دوبارە کردەوە ئەوا سڕینەوەی ناو (ترقین قید)ی بۆ دەکرێت وە بەهیچ شێوەیەک مافی گەڕانەوە بۆ خوێندنی نامێنێت.
2. ئەگەر بسەلمێندرێت قوتابی گزیکردووە (غش)یکردووە لە هەریەک لە تاقیکەدنەوەکانی ڕۆژانە، هەفتانە، یان کۆتایی بە کەوتوو هەژمار دەکریت لە هەموو بابەتەکان لەم وەرزادا لە سیستەمی بۆلۆنا، وە ئەگەر ئەم کارەی دوبارە کردەوە ئەوا سڕینەوەی ناو (ترقین قید)ی بۆ دەکرێت وە بەهیچ شێوەیەک مافی گەڕانەوە بۆ خوێندنی نامێنێت.
3. 

## ماددەی شەشەم:

تێکرای نمرەی کۆتای ساڵ تەنها لەسەر بنەمای نمرە هەژمار ناکرێت بەڵکو لەسەر بنەمای نمرە و ژمارەی یەکەکان بۆ هەر بابەتێک هەژمار دەکرێت.

## ماددەی حەفتەم:

ڕیزبەندی دەرچوونی قوتابی هەژمار دەکرێت لەسەر ئەم بنەمایانەی خورەوە:

1. بۆ ئەم بەشانەی کە ماوەی خوێندن بریتیەلە چوار (٤) ساڵە بەم شێوەیەی خوارەوە:
   - ساڵی یەکەم ١٠٪
   - ساڵی دووەم ٢٠٪
   - ساڵی سێیەم ٣٠٪
   - ساڵی چوارەم ٤٠٪

تێکرای نمرەی قوتابی بۆ هەموو ساڵەکەن جارانی ڕێژەی سەدی ئاماژەکراوی سەرەوە دەکرێت، وە تێکرای کۆکراوەی هەموو ساڵەکەن دەبێتە تێکرای دەرچوونی دەرچوون.

2. بۆ ئەم بەشانەی کە ماوەی خوێندن بریتیەلە پێنج (٥) ساڵە بەم شێوەیەی خوارەوە:
   - ساڵی یەکەم ٥٪
   - ساڵی دووەم ١٠٪
   - ساڵی سێیەم ٢٠٪
   - ساڵی چوارەم ٢٥٪
   - ساڵی پێنجەم ٤٠٪

تێکرای نمرەی قوتابی بۆ هەموو ساڵەکەن جارانی ڕێژەی سەدی ئاماژەکراوی سەرەوە دەکرێت، وە تێکرای کۆکراوەی هەموو ساڵەکەن دەبێتە تێکرای دەرچوونی دەرچوون.

## ماددەی هەشتەم:

ئەنجامەکان ڕادەگەیەنرێت بەم بەشێوە هەڵسەنگاندنەی (تقدیر)ەی خوارەوە:

- نایاب 100 - 90
- زۆرباشە 80 - 89
- باشە 70 - 79
- ناوەند 60 - 69
- پەسند 50 - 59
- کەوتوو لە 49 بەرەو خوارەوە

## برگەی دووەم: ڕێنماییەکانی نەهاتنی قوتابیان

قوتابی ئازیز ڕێنمایەکانی پەیوەست بەنەهاتنی (غیابات) قوتابی، بەشیوەیەکی ڕوون لەم خاڵانەی خوارەوە ئاماژەی پێکراوە:

1. پێویستە قوتابی/خوێندکار دوای وەرگرتنی کۆتایی لە زانکۆی نۆلج پابەندی دەوام بێت و خۆی تەرخان بکات بۆ خوێندن و بەپێی خشتەی وانەکان لە هۆڵەکانی خوێندن ئامادەبێت.
2. قوتابی/ خوێندکار ئەگەر ئامادەنەبوونی لە بابەتێک ڕێژەی (10%) تێپەڕاند دەتوانرێت تەنها لەو بابەتە بەکەوتوو ئەژمار بکرێت بەبێ بیانووی ڕێپێدراو (عذر مشروع) .
3. ئەگەر قوتابی/ خوێندکار ڕێژەی ئامادەنەبوونی لەکاتی بوونی بیانووی ڕێپێدراو (عذر مشروع) کە بریتیە لە (کۆچی دوای کەسانی نزیک وەکو دایک و باوک و خوشک و برا و هاوسەر و منداڵ یان نەخۆشی کە دەبێت بە ڕاپۆرتی پزیشکی بسەلمێندرێت) لە (15%) تێپەڕی ئەوا پێویستە لەلایەن زانکۆوە دابڕاندنی لە خوێندن بۆ بکرێت.
4. قوتابی/ خویندکار ئاگادار دەکریتەوە بە نوسراوی فەرمی لە لایەن بەشەکەیەوە وە پێ ڕاگەیاندنی قوتابی بەم شیوەیەی خوارەوە دەبیت:
   - ئاگادار کردنەوەی (تنبیە) ئەگەر ڕیژەی ئامادە نەبوونی گەیشتە (5%).
   - هۆشداری یەکەم ( إنذار أولی) ئەگەر ڕیژەی ئامادەنەبوونی گەیشتە (7%).

- هۆشداری کۆتایی (إنذار نهائي) کاتێك ڕێژەی ئامادە نەبوونی تێ پەڕیت لە (10%) بێ بیانووی ڕەوا (عذر غير مشروع) وە (15%) بە بیانووی ڕەوا (عذر مشروع).

5. دەبێت قوتابی/ خویندکار بەڵێن نامە پڕبکاتەوە لە بەشەکەی کە تیێدا ئاماژە بەوە بکات کەوا پێ ی ڕاگەیاندراوە ڕیژەی ئامادەنەبوونی (10%) بە بێ بیانووی ڕەوا (عذر غير مشروع) یاخود (15%) بە بیانووی ڕەوا (عذر مشروع) وە ئەگەر دوای بەڵێنەکەی ڕیژەی نەهاتنی تێپەڕاند ئەوا بەپێی ڕێنماییەکانی ئەزمونەکان و ڕێکاری قوتابیان/ خوێندکاران کە بەنوسراومان ژمارە (22130/5 لە 2009/12/14 ) گشتاندنی بۆ کراوە مامەڵەی لەگەڵ دەکریت.
6. قوتابی بەڵیننامە پڕنەکاتەوە یان ڕەتی پڕکردنەوەی بەڵین نامە بکات ئەوا وەك بەڵین نامەی پڕکردبیتەوە بەندە یاساییەکانی بەسەردا جێ بەجێ دەکرێت.
7. گشت ئاگادار کردنەوە و هۆشدارییەکان وینەیەکی لە تابلۆی ئاگادارییەکانی تایبەت بە قوتابیان /خویندکارانی سەر بەشەکان دەبیت هەلبواسریت.
8. پیویستە گشت فەرمانە زانکۆی و کارگێریەکانی تایبەت بەم بابەتە وینەیەکی بدریت بە وەزارەتمان.
9. دەرفەت بدرێت بەو قوتابی/ خوێندکارانەی کە لە کاتی خوێندن بەهۆی کارەساتێك بەند دەکرێت بە پێی یاسای سزادانی عێراق یان هەر یاسایەکی سزای دیکە بەمەرجێك ئەم قوتابی/ خویندکارە رێژەی (15%) ئامادەنەبووی تێنەپەڕاندبێت لە کاتی دەستگیرکردنیدا.

## بڕگەی سێیەم: ڕێنماییەکانی ڕێکاری قوتابیان

زانکۆی نۆلج پابەند دەبێت بە جێبەجێکردنی ڕێنمایەکانی ڕێکاری قوتابیان پاڵپشت بە ڕێنمایەکانی ڕێکاری قوتابیان کە دەرچووە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە ژمارە (22130/5 لە 2009/12/14) کە بریتین لەم خاڵانی خوارەوە:

## ماددەی یەکەم:

پێویستە هەموو قوتابیەک پابەندبێت بەم ڕێنمایانەی خوارەوە:

1. پابەندبوون بە گشت یاسا و ڕێسا و ڕینمایەکان کە دەرداچێت لە لایەن زانکۆ یان کۆلێژ.
2. زیان نەگەیاندن بە ناوبانگی زانکۆ یان کۆلێژ بە گوفتار یان بە کردار لە ناوەوە یان لە دەرەوەی زانکۆ.
3. دورکاوتنەوە لە هەر رەفتارێک کە نگونجێ لەگەل سلوکی (هەڵسوکەتی) زانکۆیی و پاندبوونی بەرز بە ڕێنمایەکان و ڕێزگرتنی یەکە کارگێریەکان و دەستەی وانە ووتنەوە و فەرمانبەرانی زانکۆ و پەیوەندی هاوپۆلیەتی و هاوکاری لە نێوان قوتابیاکان.
4. تێکنەدانی سیستەمی سەقامگیری لە زانکۆ یان کۆلێژ.
5. پاراستنی کەل و پەلەکانی خوێندن و مومتەلەکاتی زانکۆ یان کۆلێژ.
6. تێکنەدان یاخود دروستنەکردنی ئاستەنگی لە پرۆسەی خوێندن.
7. سوکایەتی ناکردن بە باوەڕە ئاینیەکان و یەک پارچەیی وولات یان سۆزی نەتەوایەتی.

## ماددەی دووەم:

هەموو قوتابیەک سزا دەدرێت بە هۆشدارکردنەوە (تنبیە) لە کاتی زیانگەیاندن بە پەیوەندی هاوپۆلی لە نێوان قوتابیان.

## ماددەی سێیەم:

قوتابی سزا دەدرێت بە هۆشدارکردنەوە (إنذار) لە کاتی ئەنجامدانی یەکێک لەم سەرپێچیانەی خوارەوە:

1. هەر قوتابی سزا درابێت بە هۆشدارکردنەوە) تنبیە) وە واجارێکی تر دوبارەی بکاتەوە ئاوا سزا دەدرێت بە هۆشدارکردنەوە.
2. تێکنەدانی سیستەمی دڵنیایی و سەقامگیری لە زانکۆ یان کۆلێژ.
3. هەر قوتابیەک ئەگەر سنوور ببەزێنێت (تجاوز) بکات بە ووتەی نەشیاو بەرامبەر قوتابیەکی تر.

## ماددەی چوارەم:

قوتابی سزا دەدرێت بە سەرزەنشت (توبیخ) لە کاتی ئەنجامدانی یەکێک لەم سەرپێچیانەی خوارەوە:

1. هەر قوتابی سزا درابێت بە هۆشدارکردنەو (تنبیه) وە واجارێکی تر دوبارەی بکاتەوە ئاوا سزا دەدرێت بە سەرزەنشت.
2. هەر قوتابیەک سنوور ببەزێنێت (تجاوز) بە ووتەی نەشیاو بەرامبەر هەر کارمەند یان فەرمانبارێکی زانکۆ (بەدەر لە دەستەی وانە ووتنەوە یان قوتابیان).

## ماددەی پێنجەم:

قوتابی سزادەدرێت بە دابرانی کاتی لە زانکۆ کە ماوەکەی زیاتر نەبێت لە ساڵێکی خوێندن لە کاتی ئەنجامدانی ئەم سەرپێچیانەی خوارەوە:

1. هەر قوتابیەک سزا درابێت لە ماوەی وەرزەکانی خوێندن بە دوو سەرزەنشت (توبیخ) وە بڕیاری سەرزەنشتکردنەکان نەسرابێتەوە یان پوچەڵ نەکرابێتەوە، وە جارێکی تر کارێک ئەنجام بدات کە سزاکەی سەرزەنشتبێت.
2. کەسێک دەست بوشینێت (اعتداء) بە کردار بەرامبەر هەر کارمەند یان فارمانبەرێکی زانکۆ یان کۆلێژ (بەدەر لە دەستای وانە ووتنەوە).
3. هەر قوتابیەک کرداری توندوتیژی بەکار بهێنێت بەرامبەر هاوپۆلەکانی یان قوتابیەکی تری هەمان زانکۆ.
4. هەر قوتابیەک چەکی پێبێت بە هەموو جۆرەکانیەوە جا ڕێگەپێدانی هەبێت یاننەیبێت لە ناو حەرەمی زانکۆ.
5. هەر قوتابیەک زیان بە ممتەلەکاتی زانکۆ بگەینێت بە مەبەست بێت یان لە ئەنجامی کەمتەرخەمی بێت.
6. هەر قوتابیەک زیان بگەینێت بە یەکرێزی نێشتمانی یان سوکایەتی بکات بە باوڕە ئاینیەکان یان سۆزی نەتەوایەتی.
7. هەر قوتابیەک سنوربەزاندن بکات بە ووتە بەرامبەر هەر ئەندامێکی دەستەی وانە ووتنەوە لە زانکۆ یان کۆلێژ یان وانەبێژی دەرەکی بێت.
8. هەر قوتابیەک کە بسەلمێندرێت کە ماددە یان خواردنەوەی سەرخۆشی بەکارهەنابێت لە حەرەمی زانکۆ یان لە بارودۆخی سەرخۆشیەکی ڕوون بێت لە زانکۆ ئەوا ئەم سزایەی سەروەی لەسەر جێ بە جی دەکرێت.

9. هەر قوتابیەک زیان بگەیەنێت بە ناوبانگ (سمعە) ی زانکۆ بە ووتە یان بە کردار لە ناوەوەی زانکۆ یان لە دەرەوە.
10. هەر قوتابیەک ئاستەنگی دروست بکات بۆ بۆ بەڕیوەچونی پرۆسەی تاقیکردنەوەکان.

## ماددەی شەشەم:

1. سزای دابڕانی کۆتایی و سڕینەوەی ناو بە هەر قوتابیەک دەر دەکردێت لە کاتی ئەنجامدانی ئەم سەرپێچیەنەی خوارەوە:
2. دوبارەکردنەوەی یەکێک لە سەرپێچیەکانی ماددەی (٥).
3. هەر قوتابیەک بە کردار داستبوەشێنێت (اعتداء) بکات بەرامبەر یەکێک لە ئەندامانی دەستەی وانە ووتنەوە یان وانەبێژی دەرەکی لە زانکۆ یان کۆلێژ.
4. هەر قوتابیەک کردارێکی نا پەسند بکات کە پێچەوانەی ڕەوشت و ئاداب بێت.
5. هەر قوتابیەکسزا بدرێت بە تاوانی جنایات یان شەرەف.
6. هەر قوتابیەک بسەلمێندرێت کە ماددەی بێهۆشکەری بەکارهێنابێت یان بەکاردەهێنێت لە زانکۆ یان لەو شوێنانەی کە پەیوەستن بە زانکۆ.

## ماددەی حەفتەم:

1. چەسپاندنی سزای ئاماژە پێکراو بۆ برگەکانی دوو، سێ، چوار، پێنج، شەش، لەسەر قوتابی، ڕێگە ناگرێت لە چەسپاندنی سزای دیکە کە بتوانرێت حوکمی پێبدرێت لەسەر قوتابی ئەگەر سرپێچیەکانی قوتابی نەکاوێتە ژێر سێبەری مادەکانی دوو بۆ شەش لە برگەی سێیەم لە دەروازەی سێیەم.
2. ئەگەر سکاڵای یاسایی جولەی پێکرا لە دژی قوتابیەک بەرامبەر بە کردەوەیەک کە ئەنجامی دابێت لە دەرەوەی زانکۆ لەوکاتەدا پرۆسەی ڕێکاریەکەی زانکۆی بۆ دوادەخرێت تاوەکو تەواوبوونی ئەو سکاڵا یاسایە.

## ماددەی هەشتەم:

ڕاگری کۆلێژ هەڵدەستێت بە پێکهێنانی لێژنەی ڕێکاری قوتابیان بە سەرۆکایەتی یەکێک لە ئەندامانی دەستەی وانە ووتنەوە کە پلەی زانستی لە پرۆفسیۆری یاریدەدەر کەمتر نەبێت و بە ئەندامیەتی سێ ئەندامی دەستەی وانە ووتنەوە کە پلەی زانستیان لە مامۆستا کەمتر نەبێت، وا نوێنەری قوتابیان.

## ماددەی نۆیەم:

لەکاتی ڕوودانی کارێک لەو کارانەی کە سزاکەی بریتیبێت لە دابڕانی (فصل) ی کاتی یان کۆتایی لە ماددەکانی پێنجەم و شەشەم، ئەوا لێژنەی ڕێکاری بە ووردی سەیری بابەتەکە دەکات و پێشنیارەکانی سەبارەت بە سزای گونجاو بەرزدەکاتەوە بۆ ڕاگری کۆلێژ.

## ماددەی دەیەم:

1. سزای هۆشدارکردنەوە (تنبیە) یان ئاگادارکردنەوە (إنذار) یان سەرزەنشتکردن (توبیخ) یان دابڕان (فصل) کە ماوەکەی زیاتر نەبێت لە مانگێک لە دەسەڵاتی ڕاگری کۆلێژە.
2. سزای دابڕانی کاتی (فصل مؤقت) کە ماوەکەی زیاتربێت لە مانگێک لە دەسەلاتی ئەنجومەنی کۆلێژە.
3. سزای دابڕانی کۆتایی (فصل نهائي) لە زانکۆ لە دەسەڵاتی سەرۆکی زانکۆیە پالپشت بە پێشنیارەکانی ئەنجومەنی کۆلێژ.

## ماددەی یازدەهەم:

قوتابی سزا دراو بۆی هەیە لە کاتی دابڕانی (فصل)کردنی لە زانکۆ کە ماوەکەی زیاتر نەبێت لە ساڵێک و کەمتر نەبێت لە مانگێک تانە لە بڕیاری دابڕاندنەکە (فصل)ەکە بدات لە لایەن سەرۆکی زانکۆ لەسەر بڕیاری دابڕاندنەکەی (فصل) لە ماوەی ١٥ ڕۆژ لە ڕێکەوتی ئاگادارکردنەوەی لە بڕیاری دابڕانەکەی (فصل) یان لە ماوەی ١٥ ڕۆژ لە ڕێکەوتی هەڵواسین و بڵاوکردنەوەی بڕیارەکە لە تابلۆی ئاگادارکردنەوە لە کۆلێژ لەکاتێک کە نەتوانرێت بە قوتابیەکە

ڕابگەیەنرێت. وە ئەگەر سزاکە دەبڕانی کۆتایی (فصل نهائي) بوو قوتابی بۆی هەیە تانە لە بڕیاری دابڕاندنەکە (فصل نهائي) یەکە بکات لە لایەن ئەنجومەنی زانکۆ، وە لەسەر ئەنجومەنی زانکۆ و سەرۆکی زانکۆ بە گوێرەی دەسەڵاتەکانیان لە ماوەی ١٥ ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێشکەشکردنی تانە دووبارە بڕیاری کۆتایی بدەن.

## ماددەی دوازدەهەم:

بڕیاری سزادان پێویستە هەڵبواسرێت لە تابلۆی ئاگاداریەکان لە کۆلێژ بۆ ماوەی کەمتر نەبێت لە هەفتەیەک وە دەبێت کەسوکاری قوتابی بە نوسراو ئاگادار بکرێتەوە و قوتابی بانگ بکرێت بۆ ڕوونکردنەوەی هۆکاری بڕیاری سزادانەکەی.

# دەروازەی چوارەم

## تایبەتە بە پەرینەوە (عبور)، سڕینەوەی ناو (ترقین قید)، گەڕانەوە لە سڕینەوەی ناو (ترقین قید)، دواخستن (تاجیل)، خۆتەرخانکردن بۆ خوێندن

### بڕگەی یەکەم: پەرینەوە (عبور):

1. وانەی پەرینەوە یەك وانەی ساڵانە و دوو وانەی وەرزی دەبێت.
2. دوو وانەی وەرزی ئەگەر هەردوو وانەکە لەیەك وەرز بن وە یان هەر وانەیەك لە وەرزێك بێت پەرینەوە دەیگرێتەوە.
3. لە سیستەمی ساڵانە قوتابی / خوێندکار بۆی هەیە تەنها یەك (1) وانەی پەڕینەوەی(عبور) هەبێت تاکو قۆناغی سەرووتر لەگەڵ خۆی ببات بەمەرجێك میچی خوێندنەکەی تێپەڕنەکات.
4. لە سیستەمی وەرزی قوتابی / خوێندکار بۆی هەیە تەنها دوو (2) وانەی پەڕینەوەی(عبور) هەبێت تاکو قۆناغی سەرووتر لەگەڵ خۆی ببات بەمەرجێك میچی خوێندنەکەی تێپەڕنەکات.
5. لە هەموو حالەتێکی پەڕینەوە هاوشێوەی زانکۆ حکومییەکان دەبێت.

### بڕگەی دووەم: تایبەت بە سڕینەوەی ناو قوتابی ( ترقین قەید) کە ئەم حالەتانەی خورەوە دەکرێتەوە:

قوتابی هیچ پەیوەندیەکی بە زانکۆ نامێنێت لەم حالەتانەی خوارەوە:

1. ئەگەر قوتابی دوو ساڵ لەسەر یەک بکەوێت (راسب) بێت لەهەمان قۆناغ
2. ئەگەر ماوەی مێچی خوێندنی قوتابی لە جارێک و نیو تێپەربکات لەو ماوەیەی کە بۆ خوێندن دیاری کراوە (بەمەرجێک ساڵی دواخستنی "تاجیل"ی تێدا نەبێت) ئەوا قوتابی سڕینەوەی ناو ( ترقین قەید)ی بۆ دەکرێت، بۆ نموونە ماوەی خوێند (٤) ساڵ بێت و قوتابی بۆ ماوەی (٣) ساڵ کەوتنی هەبێت کە

کۆی گشتی ساڵەکان دەکاتە (٧) ساڵ، لەم حاڵەتەدا قوتابی سڕینەوەی ناو ( ترقین قەید)ی بۆ دەکرێت.

3. ئەگەر قوتابی دووجار بڕیاری کاوتن بە گزیکردنی (غش)ی بۆ داربچێت لە ماوەی خوێندنەکەی دا، ئەوا سڕینەوەی ناو (ترقین قید) بۆ دەکرێت لە تۆمارەکانی زانکۆ بە هیچ شێوەیەک مافی گەڕانەوەی بۆ خوێندن نامێنێت

## بڕگەی سێیەم: قوتابی دوای گەڕانەوەی لە سڕینەوەی ناو (تەرقین قەید) لەم حاڵەتانەدا دووبارە تەرقین قەید دەکرێتەوە:

1. ئەگەر لە هەمان قوناغ لە ساڵی گەڕانەوەی دەرنەچوو.
2. ئەگەر لە قۆناغەکانی تر دا دوو ساڵ لەسەر یەکتر دەرنەچوو.
3. قوتابی/خوێندکار تەنها دوو جار سوودمەند دەبێت لە گەڕانەوە بۆ خوێن

## بڕگەی چوارەم: دواخستن (تاجیل)کردنی خوێندن:

دواخستن (تاجیل)کردنی خوێندن بۆ سیستەمی وەرزی و سیستەمی ساڵانە:

1. قوتابی دەتوانێت داواکاری دواخستن پێشکەش بکات بۆ دواخستنی ساڵێکی خوێندن بە پاساوی ڕێپێدراو (عذر مشروع) کە بتوانێت بروا بە ئەنجومەنی کۆلێژ بکات، بە مەرجێک قوتابی داواکاری دواخستن پێشکەش بکات بە لایەنی مانگێک پێش دەستپێکی تاقیکردنەوەی کۆتایی.
2. سەرۆکی زانکۆ دەسەڵاتی هەیە پاڵپشت بە پێشنیاری ئەنجومەنی کۆلێژ دواخستنی ساڵی خوێندن بۆ قوتابی پەسند بکات بۆ جاری دووەم وە بە پاساوی ڕێپێدراو (عذر مشروع) و گونجاو (معقول)، بە مەرجێک قوتابی داواکاری دواخستن پێشکەش بکات بە لایەنی مانگێک پێش دەستپێکی تاقیکردنەوەی کۆتایی.
3. لە سیستەمی وەرزی، قوتابی ناتوانێت داواکاری دواخستن (تاجیل) پێشکەش بکات لە وەرزی (سیمستەری) دووەم، تەنها بەمەرجێک کە هۆکارەکە لە دەرەوەی دەسەڵاتی قوتابی بێت و دەرچووبێت لە وەرزی یەکەم، بەم شێوەیە قوتابی دواخستن (تاجیل)ی بۆ دەکرێت لە ساڵەکە بە تەواوی.

4. لەدەسەڵای وەزیر دایە پاڵپشت بە پێشنیاری ئەنجومەنی زانکۆ بە پاساوی ڕێپێدراو (عذر مشروع) و گونجاو (معقول)داواکاری دواخستن (تاجیل) پێشکەش بۆ سالی سێیەم و کۆتایی بە ڕەچاوکردنی برگەی چواردەهەم تایبەت بە سڕینەوەی ناو قوتابی ( ترقین قەید)

## برگەی پێنجەم: خۆتارخانکردنی:

ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی لە زانکۆی نۆلج وەردەگیرێن، پێویستە بە تەواوی خۆیان بۆ خوێندن تەرخان بکەن و پابەندی دەوام بن و ئەگەر قوتابی/ خوێندکار فەرمانبەر بوو ئەوا پێویستە مۆڵەتی خوێندن بەپێی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان وەربگرێت. وە ئەگەر قوتابی/خویندکار لە کاتی خوێندندا دامەزرا ئەوا پێویستە خوێندنەکەی دوا بخات تاوەکو مەرجەکانی وەرگرتنی مۆڵەتی خوێندن لێی بەدی دێت .

# دەروازەی پێنجەم

## تایبەت بە خزمەتگوزاری و چالاکی قوتابیان و یەکێتی قوتابیان و میدیا

## لقی یەکەم خزمەتگوزاری قوتابیان

### بڕگەی یەکەم: خزمەتگوزاری تاقیگەگانی زانستی و ئەکادیمی

#### تاقیگەکانی ئەندازیاری:

**تاقیگەی وێنەکێشان**

تاقیگەی وێنەکێشان:لەوەتەی ئەندازیاری وێنەکێشان گرافیکی شتە تەکنیکیەکان یان بەشەکان دەنوێنێت، کە ئەنجامی بیرکردنەوەی داهێنەرانەیە لەلایەن خوێندکارانی کۆلێژی ئەندازیاری بۆیە یەکێک لە پێداویستیە سەرەکیەکانی هۆڵ/تاقیگەی وێنەکێشانی ئەندازیارییە بە هەموو پێکهاتەکانییەوە بە جۆرێک کە خوێندکاران دەتوانن وێنەی دیزاین و پرۆژەکانیان لە کەشێکی ئارام و سەقامگیردا بکێشن .

**تاقیگەی تایبەتمەندییەکانی هەڵکۆڵین و شلەمەنییە پترۆلییەکان**

تاقیگەی تایبەتمەندییەکانی هەڵکۆڵین و شلەمەنییە پترۆڵییەکان: ئامانجە سەرەکییەکانی تاقیگەی هەڵکەندن بریتییە لە فێرکردنی خوێندکارانی زانکۆ لە بەشی ئەندازیاری نەوت بە لایەنە سەرەکیەکانی ئەندازیاری بۆ دیزاینکردن و تاقیکردنەوەی شلەمەنییەکانی هەڵکەندن و قوڕی چیمەنتۆ و چیمەنتۆی ڕەقی بەکارهاتوو لە هەڵکەندن و تەواوکردنی بیرەکانی نەوت و گازی سروشتی لە زانستی لیثۆلۆجیای دیاریکراو. ئەم جۆرە تاقیکردنەوە کرداری(پراکتیکی)انە قوتابییان بەتوانا دەکات لە دیزاینکردنی شلەمەنییەکانی هەڵکەندنی گونجاو و پێویست بۆ هەڵکەندنی بیرە نەوتییەکان و گازی سروشتی بۆ لیتۆلۆژیایەکی

دیاریکراو.هەروەها ئەوان بەتوانا دەکات بۆ پشکنینی تایبەتمەندیە سەرەکیەکانی شلەمەنییەکانی هەڵکەندنی دیزاینکراو. چەندین تاقیکردنەوەی تاقیگەی فیزیکی یان شێواز بۆ دەستنیشانکردنی کوالێتی دەکرێت لە ناو ئەم تاقیگەیەدا ئەنجام بدرێت کە نەوتی خاو لەخۆ دەگرێت و بەرهەمە.

## تاقیگەی مکانیکی شلەمەنییەکان

ئامانجی ئەم تاقیگەیە دیاریکردنی پارامیتەرە جۆراوجۆرەکانی پەیوەست بە لێشاوی شلە لە بۆریەکانە. جگەلەوەی کە قوتابیەکان ئەزموونێکی پراکتیکی لە میکانیکی شلە بەدەست دێنن. تاقیگە بەکاردێت بۆ پشکنینی تایبەتمەندیەکانی شلەمەنییەکان و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان کە هەردوو لێشاوی ناتەواو(ناپەستێنراو) و پەستێنراو دەگرێتەوە. تایبەتمەندیە جۆراوجۆرەکانی شلەمەنییەکان دەکرێت لە ناو ئەم تاقیگەدا بخوێندرێت، وەک خێرایی، فشار، چڕی و لینجی(چەسپانی).

## تاقیگەی جیۆلۆجی

تاقیگەی جیۆلۆجی: تاقیگەی جیۆلۆجی لقێکی بەرچاوە لە ئەندازیاریی نەوتدا. ئەم کۆرسە لە پرۆسە بنچینەییەکانی زەوی و کەرەستەکانی زەوی (کانزا و بەرد) پێکدێت. قوتابیان پەرە بە لێهاتوویی لە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و چاودێری دیاردەی سروشتی و نووسینی زانستی و دۆزینەوە و ئیستغلالکردنی هایدرۆکاربۆن و چارەسەرکردنی کێشە ژینگەییەکان و هەروەها لێهاتوویی جیۆلۆجی بنەڕەتی (دروستکردن و خوێندنەوەی نەخشە و دەستنیشانکردنی بەرد و کانزا).

## تاقیگەی پشکنینی خاک

تاقیگەی پشکنینی خاک:گرنگە تایبەتمەندیە جۆراوجۆرەکانی خاک دیاریبکرێت بۆ ئەوەی پێشبینی بکرێت کە چۆن لە ژێر بارکردنی کێڵگەدا هەڵسوکەوت دەکات بۆ دیزاینی سەلامەتی پێکهاتەکانی خاک. ئەم تاقیگەیە قوتابیان ئامادە دەکات بۆ چوونە ژوورەوەی بوارەکە(ناو مەیدان) لە ڕێگای کۆمەڵێک لە باوترین تاقیکردنەوەکانی میکانیکی خاک. دەکرێت چەندەها تاقیکردنەوە لە ناو

ئەم تاقیگەیەدا ئەنجام بدرێت وەک جۆر و تایبەتمەندییەکانی خاک و هێزی چڕی خاک و هەڵئاوسانی خاک و بڕی یەکخستن کە لە ناو خاکدا ڕوودەدات.

## تاقیگەی گەرمە جوڵە (ثێرمۆداینامیک)

تاقیگەی گەرمە جوڵە (ثێرمۆداینامیک): یەکخستنی چەمکە تیۆرییەکان هەروەها بەکارهێنان و فێربوونی تاقیکردنەوەی تەکنیکەکان کە لەگەڵ تەکنەلۆجیا گونجاون ئامانجی سەرەکین لە ثێرمۆدینامیک و گواستنەوەی گەرمی بۆ سیستەمی گەرمی. کورسی تاقیکاری (مەقعەد) لەم تاقیگەیە پێشکەش دەکرێت جگەلەوەش، ئەو ڕێنماییانەی کە چەمکی تاقیگە لەسەر بنەمای تێگەیشتن وەردەگرێت بۆ هۆشیارکردنەوەی ئەندازیارانە لە پەیوەندی قووڵ کە گەشەسەندن و کاری تاقیکاری جەختی لەسەردەکات.

## تاقیگە پزیشکییەکان:

بەشی زانستی تاقیگەی پزیشکی کۆمەڵێک تاقیگەی بێوێنەی هەیە کە بەکاردێت بۆ چارەسەرکردنی بابەتی کرداری(پراکتیکی) جیاواز کە لە ناو بەشەکەدا فێر دەکرێن. ئەم تاقیگە ئەزموونی پراکتیکی بۆ هەموو قوتابیەکان دابین دەکات کە توانایان پێدەبەخشێت نەک تەنیا بۆ خوێندنەوەی تیۆری، بەڵکو ڕاهێنانی پیشەش دەکەن.

## تاقیگەی بایۆ-کیمیستری

بایۆکیمیستری: ئەوە لقێکی کیمیایە کە ناتوانرێت جیابکرێتەوە لە تاقیگە دیاریکراوەکانی تری DMLS. ڕاهێنانەکان دەبێتە هۆی تێگەیشتنێکی قووڵ لە فیسیۆلۆجی مرۆڤ، میکانیزمی ئاسایی و نائاسایی و کاریگەری خواردنی ناهاوسەنگ لەسەر کرداری ئەندامەکان. بەرەوپێشبردنی بەکارهێنانی قوتابیەکان لە کیتەکانی دەستنیشانکردن جگە لە دەستکاریکردن(بەکارهێنان) بۆ ئەنجامدانی ئەم شیکاریانە بە پراکتیکی.

## تاقیگەی زیندەزانی / بایۆلۆجی

زیندەزانی (بایۆلۆجی(:ڕاهێنانی تاقیگە جەخت دەکاتەوە لەسەر فێربوونی لێهاتوویی بنەڕەتی بۆ خوێندکارانی بەشی شیکاری نەخۆشییەکان. مەرجەکانی سەلامەتی و ئەخلاقی تاقیگە لە بەشەکە، بەدەستهێنانی لێهاتوویی بۆ بەکارهێنانی کەرەستە گشتییەکانی تاقیگە، تەکنیکەکانی مایکرۆسکۆپی و شیکردنەوە. هەروەها قوتابیان مەشقیان پێدەکرێت بۆ ئامادەکردنی سلایدەکان بۆ پشکنینی مایکرۆسکۆپی لە مایکرۆرۆگەنیزمی جۆراوجۆر و شانەی ئاژەڵ.

## تاقیگەی کیمیا

کیمیا : قوتابیان شارەزایی لە هەڵسوکەوتکردنی ورد(بە ووریایی) لەگەڵ مادده کیمیاییەکان بەدەستدێنن. هەروەها شارەزایی ئامادەکردن و بەکارهێنانی ناسەرەوەی کیمیایی و ئەنجامدانی شیکردنەوەی کیمیایی بەدەست دەهێنن. ئەو تاقیکاریانەی کە لەو ماوەیەدا ئەنجام دراون، تێگەیشتنی خوێندکاران لە چەندین چالاکی جەستەیی مرۆڤ بەرز دەکاتەوە، هەروەها ئاسانکاری بۆ بەکارهێنانی کیتەکانی تەشخیسکردنیش دەکات.

## تاقیگەی هێماتۆلۆجی

هێماتۆلۆجی: خوێندنی خوێن دەگرێتەوە، بەتایبەتی کە چۆن خوێن دەتوانێت کاریگەری لەسەر تەندروستی گشتی یان نەخۆشی هەبێت. تاقیکردنەوەکانی نەخۆشییەکانی خوێن(هێماتۆلۆجی) تاقیکردنەوە لەسەر خوێن و پرۆتینەکانی خوێن و ئەندامە بەرهەمهێنەرەکانی خوێن لەخۆدەگرێت. ئەم تاقیکردنەوانە دەتوانن دۆخی جۆراوجۆری خوێن هەڵبسەنگێنن، لەوانە توشبوون بە پەتا، کەمخوێنی، هەوکردن، هەوکردنی خوێن(هیمۆفیلیا)، نەخۆشییەکانی کۆبوونەوەی خوێن، شێرپەنجەی خوێن و وەڵامدانەوەی جەستە بۆ چارەسەری کیمیایی.

## تاقیگەی شانەزانی (هیستۆلۆجی)

شانەزانی (هیستۆلۆجی): هیستۆلۆجی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی مایکرۆسکۆپی تسۆسەکان(ئەنسجە). و بەرپرسیارە لە ئامادەکردنی بەشە نایابەکان کە لە پارافین و هیماتۆکسیلین و یوسینی ڕەنگاوڕەنگ و هەروەها بەشە ڕەنگاوڕەنگە تایبەتەکاندا چەسپێنراون. ژمارەیەکی زۆر لە نموونەکان لە تاقیگەدا بەکاردەهێنرێت، لەوانە بایۆپسیی سەرمۆری ئێسک(بایۆپسیی مۆخی ئێسک)، نەشتەرگەری لیکردنەوەی جراحی و بایۆپسی، بایۆپسی دێرماتۆلۆجی، و کۆمەڵێکی فراوان لە نمونەی توێژینەوەکان.

## تاقیگەی زانستی شیکردنەوەی نەخۆشی /هیستۆپاثۆلۆجی

زانستی شیکردنەوەی نەخۆشی (هیستۆپاثۆلۆجی): ڕێگە بە خوێندن دەدات لە پێکهاتەوە کرداری خانەکان، ئەندامەکان و سیستەمەکانی ئۆرگان. ئەوە تێستی میکرۆسکۆپی خانە بایۆلۆجیەکانە بۆ چاودێری دەرکەوتنی خانەکانی نەخۆشی زۆر بە وردی. پەڵەی هەیستۆلۆژی گرنگن چونکە توانای وێناکردن و جیاوازی کردنی پێکهاتەی مایکرۆسکۆپی هەیە بۆ دانانی پلانێکی باش بۆ چارەسەرکردن.

## تاقیگەی بەرگری / ئیمونۆلۆجی-مەناعە

بەرگری (ئیمونۆلۆجی-مەناعە): بەرپرسە لە تاقیکردنەوەی تاقیگەیی و ڕاوێژی کلینیکی لە چەند بوارێکی بەرفراواندا، لەوانە هەڵسەنگاندنی نەخۆشیی خۆسەرپی(بەرگری خۆیی)، کەمی بەرگری(مەناعە)، نارێکی بڵاوبوونەوەی بەرگری و هەستیاری ،هەروەها بەرپرسیاریەتی لە هەندێک لایەنی نەخۆشیی سیرۆلۆژی گوازراوە دەگرێتە ئەستۆ.

## تاقیگەی مایکرۆبایۆلۆجی

مایکرۆبایۆلۆجی: ڕاهێنانی تاقیگە تیشک دەخاتە سەر خوێندنی بەکتریا و تایبەتمەندیەکانیان. قوتابیان چەندین تاقی کردنەوە ئەنجام دەدەن بۆ جیاکردنەوە و جیاوازیکردن لە نێوان جۆرەکان. شارەزاییە سەرەکیەکان بریتین لە ئامادەکردنی میدیای کلتوری، تەکنیکی گۆشەگیری و تاقیکردنەوەی

دۆزینەوەی (دەستنیشانکردن-تەشخیس). کۆکردنەوەی نموونەکان لە مرۆڤ و تاقیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەکتریاکانیان لە ڕێگای ناوەندەکانی ڕاگەیاندنی کەلتوری گشتی و میدیای جیاکارییەوە.

### تاقیگەی زانستەکانی کەڕوو / مایکۆلۆجی

زانستەکانی کەڕوو (مایکۆلۆجی): لە ڕێگای ڕاهێنانی تاقیگەوە، قوتابیان شارەزایی جیاکردنەوەی کەڕوو لە شوێنی سروشتی و تەکنەلۆجیای پشکنینی مایکرۆسکۆپی ڕاستەوخۆ بەدەست دێن. تاکە ئامانجی تاقیگە بریتییە لە خوێندنی کەڕووی پزیشکی. کە کۆکردنەوەی نمونەکان و چاندن و دیاری کردنی ناسنامەی تێدایە بە ڕێوشوێنی سەلامەت.

### تاقیگەی توێژینەوەی شێرپەنجە / لێکۆڵینەوەی کانسەر

توێژینەوەی شێرپەنجە (لێکۆڵینەوەی کانسەر): ئەمە تاقیگەیەکی تازە دامەزراوە لە ناو بەش کە هەموو ئامێرە پێویستەکانی تێدایە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی سەرەتایی شێرپەنجە .

## تاقیگەکانی دەرمانسازی

### تاقیگەی زیندەزانی / بایۆلۆجی

تاقیگەی بایۆلۆجی ژێرخانێکی توێژینەوەی مۆدێرنە، کە مەودایەکی فراوانی تەکنیکی بایۆلۆجی و بایۆکیمیایی دابین دەکات لەگەڵ ڕاهێنانی کرداری قووڵ کە لەلایەن ستافێکی شارەزاوە پێشکەش دەکرێت. کاری ڕۆتینی گرنگ لەسەر شیکردنەوەی میکرۆبی و گەردیلە و ئامادەکردنی نموونەی بایۆلۆجییە بە گشتی.

## تاقیگەی کیمیا

تاقیگەی کیمیا ئەو شوێنەیە کە خوێندکارەکان لە سەرەتادا ئاشنا دەکرێن بە بوارە جیاوازەکانی کیمیای ئۆرگانیك و نا ۆرگانیك. تەکنەلۆجیای مۆدێرن تاقیگەی کیمیای گۆڕیوە و ڕێگە بە قوتابیەکان دەدات لە هەموو ئاستەکاندا بۆ دۆزینەوەی جیهانی گەردیلە بەشدار بن کە پێشتر تەنها ئەم هەلانە بۆ زانایە گەورەکان فەراهەم دەرکان. زانکۆی نۆلج - بەشی دەرمانسازی - تاقیگەی کیمیا هانی بیرکردنەوەیەکی رەخنەیی لەسەر بنچینەی لێکۆڵینەوە دەدات نەک ئاڕاستەکردن.

## تاقیگەی تەکنەلۆجیای دەرمانسازی

تەوەری سەرەکی تاقیگەکە بریتیە لە بەکارهێنان و فێرکردنی پێشکەوتوترین تەکنەلۆجیای دەرمانسازی بۆ بەرهەمهێنانی دەرمان. لەم تاقیگەیەدا نوێترین و بەهێزترین فۆرمی بەرهەمهێنانی درەمان بەکاردێت.

## <u>تاقیگەکانی کۆمپیوتەر:</u>

لە ناو زانکۆدا زۆر تاقیگەی کۆمپیوتەر هەیە لەگەڵ بوونی زیاتر لە یەک تاقیگە لە هەر باڵەخانەیەکدا. چوونە ژورەوەی ئەم تاقیگەیانە بە هەموو قوتابیان دەبەخشرێت لەسەر بنەمای وانە خشتەکراوەکان یان چەند کاتژمێرێکی بەکارهێنانی ئازاد لە ماوەی هەفتەدا . ئەم تاقیگەیانە زۆر فراوانن، فێنککەرەوەی هەوایان هەیە، و بە مێز و کورسی موریح بۆ ئەزموونێکی ئاسوودە ڕاخراوە. هەموو کۆمپیتەرەکان پەیوەندی ئینتەرنێتیان هەیە(گرێدراوە بە ئینتەرنێتەوە) و بە بەردەوامی بە شێوەیەکی ڕێک و پێک لە لایەن بەشی خزمەتگوزاریەکانی ئایتی ئێمە دەپارێزرێن و چاکدەکرێن و خزمەت دەکرێن .

## تاقیگە نوێکانی ئەندازیاری کۆمپیوتەر

زانکۆی نۆلج بەشێکی نویٚ دەکاتەوە کە ئەویش ئەندازیاری کۆمپیوتەرە بۆ ساڵی خوێندنی 2022/2021. ئەم بەشە دەبێتە بەشێک لە باڵەخانە نوێیەکان لە ناو کامپەسی زانکۆی نۆلج. تاقیگە تازەکان بە نوێترین کەرەستەی تاقیگەیی ئامادەکراون بۆ قوتابیان. وێنەکانی خوارەوە تەنها نموونەن.

### دادگای گریمانەیی بەشی یاسا

ژوورێکی دادگای گریمانەیی تەواو و هەروەها ژووری دەستەی دادوەران دروست کراوە وەک بەشێک لە باڵەخانەی کۆلێژەکە. پەروەردەکاران(مامۆستایان) لە کۆلێژی یاسا ئامادەکاری دەکەن بۆ سیناریۆکانی دادگایی کردنی ڕاستەقینە لەگەڵ نیشاندانی ڕاستیەکان بۆ سەلماندنی کرداری ڕاستەقینەی پارێزەران. ئەم ڕێکبەندە(ڕێکخستن ) ڕێگە بە قوتابیان دەدات ئەزموونێکی واقیعییان هەبێت وەک تاقیکردنەوە ڕاستەوخۆ و پچڕاوەکان کە دەکرێت زۆر پەروەردەیی و فێرکاری بن بۆ ئامادەکردنی قوتابیان بۆ ڕاهێنانی ژیانی ڕاستەقینە.

## برگەی دووەم: خزمەتگوزاری کتێبخانە

### کتێبخانە

کتێبخانە دەکەوێتە نهۆمی سێیەم (کۆتا نهۆم) لە باڵەخانەی سەرەکی ڕووبەری زیاتر لە 240 مەتر چوارگۆشەیە. لە پەنجەرەی گەورە پێکدێت لەگەڵ دیمەنی سەرسوڕهێنەری باخچەکانی زانکۆ کە چێژی بەکارهێنەرانی کتێبخانە زیاد دەکات. زۆربەی کات قوتابیەکان دەچن بۆ کتێبخانەکە نەک تەنها بۆ داواکردن(بردن) یان خوێندنەوەی کتێب، بەڵکو بۆ چێژ وەرگرتن لە بەندەرێکی ئارام لە سەرگەردانی ڕۆژانە. کتێبخانەکە ئامادەکردنێکی جوانی هەیە لەگەڵ چەندین کورسی و مێز بۆ ئەوەی قوتابیان بەکاری بهێنن. گەیشتن بە ئینتەرنێت(ئەکسێسکردنی ئینتەرنێت) لە ڕێگای چەندین دێسکتۆپی ئامادەکراو بۆ بەکارهێنان دابین کراوە.

## بڕگەی سێیەم: خزمەتگوزاری تەندروستی

بەڕێوبەرایەتی تەندروستی و سەلامەتی زانکۆی نۆلج بە پشتیوانی و هاوکاری دەستەی ئەمیندارانی زانکۆ هەستاوە بە دابین کردنی یەکەی فریاگوزاری سەرەتایی لە زانکۆ بە مەبەستی پاراستنی تەندروستی و سەلامەتی خوێندکاران لە ئەگەری دروست بوونی هەر کێشەیەکی تەندروستی لە ناکاو لە ناو کەمپی زانکۆ بۆ نموونە بورانەوە, لەگۆشخۆچوون (صرع), دابەزینی فشاری خوێن, کێشەکانی هەناسەدان, دروست بوونی حەساسیە (Allergies), بەربوونەوە, بەرکەوتن بە ماددە کیمیایەکان, ژەهراوی بوون و هتد. پێداویستی زەرووریەکان لە ئەگەری ڕودانی هەریەک لەو حالەتانە کە ئاماژەی پێکراوە بە تەواوی لە بنکەکەمان دابین کراوە.

بە هەماهەنگی لەگەل بەڕێوبەری کارگێری زانکۆ, بە شێوەیەکی بەردەوام لێژنەی تەندروستی و سەلامەتی پاک و خاوێنی ناو باڵاخانەو تاقیگەکان و شوێنی دەست نوێژو حەمامەکان بە سەر دەکاتەوەو بەڕێوبەری کارگێری نسخەیەک لە ڕاپۆرتەکە بە دەستی دەگات.

کافتریاکانی زانکۆ لە لایەن لێژنەی تەندروستی و سەلامەتی بەسەر دەکرێنەوە بۆ هەڵسەنگاندنی کوالێتی ئەو خواردنانەی کە پێشکەش بە خوێندکاران دەکرێت هەروەها پاک و خاوێنی ناو چێشتخانەکان و کافتریاکان بە گشتی, پەیرەوکردنی پێوەرە تەندروستیەکان لەلایەن کارگوزاری کافتریا.

تاقیگەکانی زانکۆ بۆ بەشە زانستیەکان بە شێوەیەکی سەلامەت دروست کراون کە مەترسی ئاگر کەوتنەوە, کۆبوونەوەی گازە ژەهراویەکان یا دزە کردنی میکرۆب و بەکتریا بە تەواوی لە بەر چاوگیراوە. هەبوونی سیستەمی غازی مەرکەزی هەروەها هەواگۆرکەی بەردەوام وە Biosafety cabinet, fume hood مەترسەکانی کارکردن لە تاقیگەی کەم کردوتەوە, هەروەها ڕێنمایەکانی چۆنیەتی ئامادەبوونی خوێندکاران لە تاقیگە و خۆپاراستنیان لە مەترسەکان بە شێوەی نسخەیەکی پرینت کراو لە هەموو تاقیگەکان ئامادەکراوە.

بە مەبەستی پاراستنی گیانی خوێندکاران لە ڤایرۆسی کۆرۆنا زانکۆکەمان Human sterilization cabin وە جیهازی پاکژ کردنەوەی هەموو ژوورەکان

و ڕێڕەوەکانی زانکۆی دابین کردووە, جگە لەوەی بەردەوامە لە هاندانی خوێندکاران و مامۆستایان و فەرمانبەران بۆ وەرگرتنی ڤاکسینی دژە کۆرۆنا.

لە بواری بیناسازی کەمپی زانکۆ زۆربەی پێوەرەکانی تەندروستی و سەلامەتی جێ بە جێ کردوون وەکو هەبوونی قادرمەی ئیمێرجنسی, هێماکانی دەرچوون چەندین دەرگای دەرچوون بۆ کاتی ڕودانی ئاگرکەوتنەوە قادرمەی تایبەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت بۆ هاتنە ژوورەوەی نێو بالاخانەکان گلۆپی ئیمێرجنسی, هتد

## بڕگەی چوارەم: خزمەتگوزاری هۆڵەکانی کۆنفرانس و بۆنەکان

### باڵەخانەی سەرەکی هۆڵی کۆنفرانسەکان

هۆڵێکی ڕێکخراوی مۆدێرنە کە دەکەوێتە نهۆمی زەمینی باڵەخانەی سەرەکی، ئەم هۆڵە زۆرجار بۆ هەموو جۆرە ڕووداوێکی هەفتانەی وەک سیمینار و گفتوگۆ و پێشکەشکردن(پریزێنتەیشن) و هتد بەکاردێت. هۆڵەکە ڕووبەرەکەی نزیکەی 200 مەتر چوارگۆشەیە و 132 کورسی لەخۆدەگرێت کە بە سیستەمی فرەمیدیایی (مەڵتی میدیایی) و هەروەها ئاسانکاری دامەزراندنی (تەئسیسکردن)لە دوورەوە ئامادە کراوە.

### باڵەخانەی نوێی هۆڵی کۆنفرانسەکان

هۆڵێکی گەورەتر بە ڕووبەری 400 مەتری چوارگۆشە لەگەڵ ڕێکخستنێکی مۆدێرن کە لە پشکنینی دەنگی گونجاو (ئینسۆلیوشنی دەنگی گونجاو)، ئاسانکاریە فرەمیدیاکان، سیستەمی دەنگ و سیستەمی ڕوناکردنەوە پێکهاتووە. ڕووبەری هۆڵەکە 400 مەتر چوارگۆشەیە و 351 کورسی تێدایە. هەروەها شانۆیەک(ستەیج) هەیە بە پەردەوە کە ئەمەش وادەکات کە گونجاو بێت وەک شانۆیەکی بچووک.

## بڕگەی پێنجەم: خزمەتگوزاری کافتریا

دیمەنی دەوروبەری کافتریا سەرنجڕاکێشە. کافتریاکە خۆی ڕووبەرێکی فراوانی بێوێنەیە کە نەک تەنها خواردن و خواردنەوەکان دابین دەکات بەڵکو ئەزموونێکی زۆر خۆش(چێژبەخش)ی هەیە بۆ دانیشتن و نانخواردن. تەنانەت لەوانەیە قوتابیەکان بیر لە ئەنجامدانی هەندێک کار یان خوێندن بکەنەوە چونکە زۆرێک لە ئەوان کێشەیان لەگەڵ ژینگەیەکی پڕ ژاوەژاو و کەمێک قەرەباڵغ نییە. کافتریاکە فێنککەرەوەی هەوای تێدایە و خواردن/خواردنەوەکان دابین دەکات بەپێی ئەو ڕێوشوێنانەی کە پێشتر لەلایەن زانکۆوە دیاریکراوە.کافتریا شوێنێکی هاوبەشە نەک تەنها بۆ خوێندکاران بەڵکو بۆ ستاف و سەردانیکەران کە ژمارەیەکی زۆر شوێنی دانیشتن دابین دەکەن.

## بڕگەی شەشەم: شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل

زانکۆی نۆلج لەوانەیە گەورەترین شوێنی وەستاندنی ئۆتۆمبێلی قیرتاوکراوی لەناو کەمپەسی زانکۆکە هەبێت لە نێو هەموو زانکۆ ئەهلییەکانی تری کوردستاندا . شوێنی پارککردنی ئۆتۆمبێل ڕووبەری زیاتر لە 40,000 مەتر چوارگۆشە دەگرێتەوە. نیشانەکانی شەقامەکە بە شێوەیەکی گونجاو نیشان کراوە کە ڕێنیشاندەری هاتوچۆ دەکات بۆ خۆلادان لە هەر گرفتێک. هەروەها زانکۆکە ڕێوشوێنی ئەمنی گونجاوی هەیە لە دەوروبەری ئەو ناوچانە بۆ دڵنیاکردنەوەی سەلامەتی هەموو بەکارهێنەرانی پارک.

# لقی دووەم چالاکی قوتابیان

## برگەیە یەکەم: چالاکی ئەکادیمی

زانکۆی نۆلج سالانە چەندین چالاکی ئەکادیمی و پێشبڕکێی زانستی بۆ قوتابیان ئەنجام دەدات کە بریتین لەم چالاکیانەی خوارەوە:

### ئەنجامدانی گەشتی زانستی

ئەنجامدانی گەشتی زانستی بۆ قوتابیان بۆ ئاشنابوونی قوتابیان بە شوینی کار بە شێوەیەکی پراکتیکی، ڕاهاتن لەگەڵ ژینگەی کار و چۆنیەتی بە کارهێنانی ئامێرەکان.

### بەشداربوون لە دیالۆگی نێودەوڵەتی قوتابیان

ئاسانکاری و بەشداربووانی قوتابیانی زانکۆی نۆلج لە ماوەی سێ ساڵی ئەکادیمی ڕابردوودا بەشداری لە بەرنامەی WinC کردووە و لەسەر بنەمای هەفتانە و بە نزیکەیی 42 دیالۆگی سەرکەوتوو لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا ئامادە کردووە ئەم چالاکیە بەردەوامە بۆ قوتابیانی زانکۆی نۆلج.

### چالاکی دادگای گریمانەیی

یاسا ڕێگا نادات کە تاکەکان بە دەستی خۆیان مافەکانیان وەربگرنەوە، لە بری ئەمە مافی داوەتە هەموو تاکێك کەوا داواکانیان بەرز بکەنەوە بۆ لای دەوڵەت کە خۆی لە دادگا دەبینێتەوە، و ئەمە یەکێکە لە مافە گشتییەکان کە ناکرێ بە هیچ جۆرێک وازی لێبهێنرێت، و دەستووری عێراقی بەرکار و پەیمانە نێودەوڵەتتییەکان ئاماژەیان بەم خاڵە کردووە.
ئامانجی سەرەکی دادگا بریتییە لە مسۆگەرکردنی پارێزگاری یاسایی بۆ خەڵکی بە بێ جیاوازی، وئەم ئامانجە نایەتە دی ئەگەر دادوەران و پارێزەران زیرەک و لێهاتوو نەبن، لەبەر ئەم هۆیە پێویستە قوتابیانی یاسا زانیاری تەواویان هەبێت بە ڕێکارەکانی دادگایی کردن بە شێوەیەکی کرداری، هەر بۆیە قوتابیانی قۆناغی

پێنجەم لە بەشی یاسا/ کۆلێژی یاسا/ زانکۆی نۆلج هەڵسان بە ئەنجامدانی دادگایەکی گریمانەیی بە شێوەیەکی کرداری کە بوە هۆی سوود گەیاندن بە خۆیان و هەموو قوتابیانی قۆناغەکانی تریش.

## ڕۆژی ئاشناکردن قوتابیانی قۆناغی یەکەم

چالاکی ڕۆژی ئاشناکردن بۆ قوتابیانی قۆناغی یەکەم، ئەم چالاکیە ساڵانە ئەنجامدەدرێت بۆ قوتابیانی تازا وەرگیراو، ئەم بۆنەیە لەچەند چالاکییەکی جیاوازدا پێکدێت وەکو ناساندنی شوێنەکانی زانکۆ بئاشنەکردنی قوتابی بە ڕێنامیەکانی زانکۆ.

## بڕگەی دووەم: چالاکی وەرزشی

زانکۆی نۆلج سالانە چەندین جۆری چالاکی وەرزشی ئەنجام دەدات وەکو، خوولی تۆپی پێ، خوولی تێنسی سەرمێز، خولی شەترەنج، ماراسۆن .... هتد

## بڕگەی سێیەم: چالاکی هونەری

زانکۆی نۆلج سالانە چەندین جۆری چالاکی هونەری ئەنجام دەدات کە بریتێن لەم چالاکیاناى خوارەوە:

## چالاکی خواردن

زانکۆی نۆلج ساڵانە هەلدەستێت بە کردنەوەی ڤیستیڤالی خواردن، لەم چالاکیە گشت قوتابیان بە نەتەوە جیاوازەکان خواردنی نەتەوەیی و کلتوری خۆیان پێشکەش دەکەن بۆ ئامادەبووان.

## چالاکی پۆشینی جلی نەتەوەیی

لەم چالاکیە مامۆستایان و قوتابیانی زانکۆ جلی نەتەوەیی خۆیان دەپۆشن بە هەموو نەتەوە و کەلتورە جیاوزەکانەوە.

## پێشانگەیەکی کتێب

پێشانگەیەکی کتێب چالاکیەکە کە هەموو ساڵێک زانکۆی نۆلج ئەنجامی دەدات کە تیایدا، مامۆستایان، قوتابیان، کەسانی میوان پەرتووک پێشکەش بە کتێبخانەی زانکۆی نۆلج دەکەن. ئەم چالاکیە ساڵانە لە مانگی فێبریوەری هەموو ساڵێک ئەنجام دەدرێت.

## برگەی چوارەم چالاکی کۆمەلایەتی:

هەروەها زانکۆی نۆلج سالانە چەندین چالاکی تری ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتی بۆ قوتابیان ئەنجام دەدات کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

### چالاکی یادی رۆژی جیهانی ئافرەتان

چالاکی یادی ڕۆژی جیهانی ئافرەتان لە زانکۆی نۆلج، بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی ئافرەتان (8 مارس) زانکۆی نۆلج هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی ڕێورەسمێک بۆ ئافرەتانی زانکۆ لە مامۆستایان و فەرمانبەران و قوتابیان، کە تێیدا بە پێشکەشکردنی گوڵ پیرۆزبایی لە ئافرەتان کراو هەروەها بە میوانداریکردنی کۆمەلێک میوان بۆ پێشکەشکردنی سمینار.

### چالاکی رۆژی ئالای پیرۆزی کوردستان

بە مەبەستی بەرز ڕاگرتنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان، ساڵانە لە ڕێکەوتی ١٥/١٢ ، زانکۆی نۆڵج هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی ڕێورەسمێک بە بۆنەی (ڕۆژی ئاڵا) کە لە چەندین چالاکی جۆراوجۆری کلتووری و هونەری و نەتەوەیی پێکهاتبوو. بەو بۆنەیەوە مامۆستایان و فەرمانبەران قوتابیانی ئازیزی زانکۆکەمان بۆ زیاتر بەرز ڕاگرتن و نیشاندانی ڕێز و خۆشەویستی بۆ خاک و نیشتیمان و ئاڵای پیرۆزی کوردستان و شانازیکردن بە ئاڵای کوردستان.

## توندوتیژی دژی ئافرەتان و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگە

ساڵانە لە ڕێکەوتی ١/١٢ زانکۆی نۆلج هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی چالاکی و سمینار بۆ ئەم بۆنەیە بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان.

## بڕگەی پێنجەم: چالاکی تەندروستی

هەروەها زانکۆی نۆلج سالانە چەندین چالاکی تەندروستی و خۆباخشی بۆ قوتابیان ئەنجام دەدات کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

### چالاکی پشکنینی شەکرەی

چالاکی پشکنینی شەکرەی خوێن ڕێکدەخرێت لە ناو کەمپەسی زانکۆ، کە تیایدا قوتابیان و میوانان پشکنینی شەکرەیان بۆپ دەکرێت بە خۆڕایی و پۆستەر بۆ وشیاری کۆمەڵیەتی، ئەم چالاکیە ساڵانە ئەنجامدەدرێت لە زانکۆی نۆلج.

### پێدانی هەڵمەتی خۆبەخشی (خوێن بەخشین - پاراستنی ژیان)

زانکۆی نۆلج بەهاوکاری ڕێکخراوی بەخشینی خوێن و ژیان - لقی هەولێر بەبەڕێوەبەرایەتی بانکی خوێن - هەولێر، ساڵانە لە ڕێکەوتی 10ی تشرینی دووەمی هەموو ساڵێک لە کەمپی زانکۆی نۆلج ئانجام دەدات.

### چالاکی ڕۆژی نەخۆشی شێرپەنجە

ئەم چالاکیە ئەنجام دەدرێت بۆ وریاکردنەوەی قوتابیان و کۆمەڵگە لە جۆر و نیشانەکانی و کاریگەریاکانی نەخۆشی شێرپەنجە و کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ توشبوانی ئەم نەخۆشیە.

# لقی سێیەم یەکێتی قوتابیان و میدیای قوتابیان

## بڕگەی یەکەم: ڕیکخراوی یەکێتی قوتابیان

زانکۆی نۆلج یەکێتییەکی قوتابیانی هەیە کە لەلایەن خودی قوتابیانەوە هەلبژێردراوە. ئیشی یەکێتییەکە وەک ئەنجومەنێک وایە کە گرنگی بە کێشەی قوتابیان و نیگەرانیەکانیان و هەر شتێکی پەیوەندیدار بە ئەوان ئەدات.

## بڕگەی دووەم: میدیای تایبەت بە قوتابیان

زانکۆ نۆلج تۆڕی کۆمەڵایەتی چالاکی وەک ئینستاگرام و فەیسبووکی هەیە کە رۆژانە و بە سێ زمان چالاکییەکانی مامۆستایان و بۆنە هونەریەکان و هەموو چالاکیەکی قوتابیان بڵاو دەکاتەوە دەکات.
زانکۆی نۆلج یاسای میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی هەیە کە پێویستە ستافی میدیای زانکۆ و قوتابیان پابەندی بن. ناتوانرێت هەموو شتێک شێر بکرێت لەسەر میدیا. ئەو شتانەی کە زیان بە پۆلیسییە ئەکادیمییەکان و پێگەی زانکۆکە بگەیەنێت نابێت لەسەر میدیا دابنرێت.